## جارێکی دیکەش گۆڤاری "نیشتمان"

لە بەشی پێشووی ئەم زنجیرە وتارەدا باسی بۆکان لە چوار ژمارەی یەکەمی گۆڤاری نیشتمان ئورگانی کۆمەڵەی ژێکافم کرد. ئەو ژمارانەم لە لایەن رێزدار حەسەنی قازییەوە پێ گەییشتبوو.

وا ئێستا سەرجەمی ژمارەکانی نیشتمان (١ تا ٩) لە لایەن رێزدار عەلی کەریمییەوە لە سلێمانی لە بەرگێکدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

من لێرەدا ناگەڕێمەوە سەر ژمارەکانی ١ تا ٤ و تەنیا بابەتی سەبارەت بە بۆکان لە ژمارە٥ تا ٩ دا دەناسێنم. پێویستە بگوترێت کە ژمارە ٣ و ٤ ی نیشتمان پێکەوە لە یەک بەرگدا بڵاو بۆتەوە و بە هەمان شێوەش ژمارە ٧ و ٨ بوونەتە یەک بەرگ، واتە لە راستیدا گۆڤارەکە تەنیا ٦ ژمارەی هەیە و دەگوترێت ژمارەیەکی دیکەشی دواتر لێ بڵاوکرابێتەوە کە تا ئێستا نوسخەی دەست نەکەووتوە.

بە گوێرەی سەرەتای کاک عەلی، یەکەم ژمارەی نیشتمان لە ٣٠ پووشپەڕی ١٣٢٢ (جولای ١٩٤٣) دا لە چاپخانەی خەلیفە گەری ئەرمەنییان لە تەورێز بڵاو بۆتەوە و ژمارە ٧ (واتە ٧ و ٨ و ٩)ی لە خاکەلێوە - جۆزەردانی ١٣٢٣ دا بڵاو بۆتەوە(١٩٤٤).

ئەوانەی خوارەوە بریتین لەو بابەتانەی وا لە ٣ ژمارەی ٥ و ٦ و ٧ (و ٨ و٩) دا بۆکان و بۆکانیان دەگرنەوە.

*ژمارە ٥ :*

- وتاری "لەناو کۆمەڵدا"، نووسینی سیامەک، ئەندامی ژمارە ٥٧ دانیشتووی شاری آ/ک. ئێمە ئێستا دەزانین کە سیامەک، رێزدار مامە قالەی دەبباغی بووە کە ئەودەم لە بۆکان ژیاوە و شاری "آ/ک" ش بۆکانە.
- "جووجەڵەی نیشتمان"، آ/ک هەژار ٢٠، شیعرێکی مامۆستا هەژارە کە ئەودەم لە بۆکان دەژیا.

*ژمارە ٦ :*

- "تکا لە کوردە ناودارەکانی ئێستا"، نووسینی آ/ک پشتیوان ١٠٤٢. پشتیوان، سمایل ئاغای ئیلخانی زادە کوڕی مەحموود ئاغایە.
- "دڵی دایک"، شیعری "ئیرەج میرزا" یە، هەژار ٢٠ لە شاری آ/ک وەریگێڕاوەتە سەر کوردی.
- "خەوی غەفڵەت بەسە هەستن لە خەوێ"، شیعری ع. هونەر[*مامۆستا عەبباس حەقیقی*].
- "دەسیاوی بۆ چاپ" [یارمەتی دارایی] ٧ – ق چۆبینە [*قاسم ئاغای ئێلخانی زادە*]، ٢٠٠ ریال. ٨ - برای راست [*حاجی رەحمان ئاغای ئێلخانی زادە*]، ٤٠٠ ریال.

*ژمارە ٧ (و ٨ و ٩) :*

- "له ناو کۆمه‌ڵه دا" [*هه‌واڵی پێک هاتنی کۆبوونه‌وه‌ی ناسراو به " په‌یمانی ٣ سنوور"؛ نوێنه‌رانی "کۆمه‌ڵه" له کۆبوونه‌وه‌که‌دا ٣ که‌س بوون، یه‌ک له‌وان هه‌ژار، ئه‌ندامی ژماره ٢٠* ].

- "خه‌وی غه‌فڵه‌ت به‌سه..."، پاشماوه‌ی هۆنراوه‌ی ع. هونه‌ر[*مامۆستا حه‌قیقی*] *پیره‌مێردی خه‌ره‌فی زستانێ هاته ئاخر نه‌فه‌سی گیاندانێ*

[ ئه‌م شیعره به "پاشماوه"ی شیعری ژماره ٦ دانراوه] واته:

*خه‌وی غه‌فڵه‌ت به‌سه هه‌ستن له خه‌وێ گه‌ر ژیانێکی به ئازاد و ده‌وێ*

له ژماره ٦ دا نووسراوه *"به ئازادوده‌وێ"* ؛ به‌ڵام له‌م ژماره‌یه‌دا نووسراوه *"به ئازادی و ده‌وێ"* .

- ده‌مه‌ته‌قه‌ی دوو باز پێکه‌وه : ع. هه‌ژار

[له ژماره‌کانی پێشووشدا چه‌ند ده‌مه‌ته‌قه چاپ کراون(بایز و باپیر)، به‌ڵام ناوی هۆنه‌ره‌که‌یان نه نووسراوه. ده‌کرێت ئه‌م شیعرانه هی مامۆستا هه‌ژار، یا به‌و شێوه‌یه‌ی که کاک عه‌لی که‌ریمی له سه‌ره‌تای کتێبه‌که‌دا نووسیویه‌تی، هی مامۆستا زه‌بیحی (ع. بیژه‌ن) بن.

کاک عه‌لی که‌ریمی که ئه‌و ژمارانه‌ی نیشتمانی چاپ کردۆته‌وه له سه‌ره‌تایه‌کی ٣٤ لاپه‌ڕه‌ییدا ژیننامه‌ی هه‌ندێک له نووسه‌رانی بابه‌ته‌کانی نیشتمانی به کورتی نووسیوه و له‌گه‌ڵ وێنه‌ی هه‌ر کامیاندا چاپی کردوون. له ناو ئه‌وانیشدا بۆکانی که‌م نین :

- عه‌بدولرحمانی شه‌ره‌فکه‌ندی هه‌ژار – ٢٠ [*له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌وده‌م له بۆکان ژیاوه*]

- عه‌بدولرحمان ئاغای ئیلخانی زاده - برای راست ٦٧[و "مرۆ"]. ئه‌م به‌شه کاک سه‌لاحی موهته‌دی کوڕی خوالێخۆشبوو حاجی ره‌حمان ئاغا نووسیویه‌تی و تێیدا یه‌ک دوو خاڵی راگه‌یاندوه که پێویسته لێره‌دا بیاننووسم :

- حاجی ره‌حمان ئاغا له ساڵی ١٩٠٤ له ناوچه‌ی بۆکان له دایک بوه؛
- له سنه‌وه مامۆستای هێناوه بۆ په‌روه‌رده‌کردنی منداڵه‌کانی[ *ده‌بێ نیازی کاک سه‌لاح، خوالێخۆشبوو میرزا ئه‌سه‌دوڵلای غوڵامعه‌لی بێت*].
- مسته‌فا پاشای یامولْکی له‌سه‌ر بانگ هێشتنی باوکی حاجی ره‌حمان ئاغا [حاجی بایزئاغا] و له‌سه‌ر رێگای چوونی بۆلای سمایل ئاغای سمکۆ، چه‌ند رۆژێک میوانی ماڵی حاجی بایزئاغا بووه [*له بۆکان یا شێخله‌ر؟*]
- نه‌مر سه‌یفولقوزاتی قازی مامۆستای حاجی ره‌حمان ئاغا بووه.
- ماڵیان سه‌ره‌تا له گوندی شێخله‌ر بووه له په‌نا بۆکان.
- بابه‌تی "مۆسکۆ، واشینگتۆن، له‌نده‌ن" که به گوێره‌ی کاک سه‌لاح، *"ستراتیژ و سیاسه‌تی خاریجی کۆمه‌ڵه‌یه"* ئه‌و نووسیویه‌تی.
- ساڵی ١٩٦٧ به نه‌خۆشی شێرپه‌نجه کۆچی دوایی کردوه و له حه‌مامیان نێژراوه.

- حاجی ئیسماعیل ئاغای مه‌حموود ئاغای ئیلخانی زاده، پشتیوان ١٠٤٢، له ١٢٨٨ [=١٩٠٩ی زایینی] له دایک بووه، بۆته وه‌زیری رێگا و بانی کۆمار. [*زانیاری نووسه‌ر سه‌باره‌ت به حاجی سماعیل ئاغا، له کاک عومه‌ری کوڕی حاجی سماعیل ئاغا وه‌رگیراوه*].

- مەلا مەعرووفی کۆکەیی، کە دیارە مەهابادییە و لەوێش ژیاوە، بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە لە گوندی کۆکەی بۆکان مەلا ومامۆستا بووە، لێرەدا ئاماژەی پێ دەکرێت. مەلا مارف لە ١٢٥٤/١٠/٢ [ ١٨٧٥] لە گوندی حاجی خۆش لە دایک بووە و لە ١٣٢٤/٦/٦ [١٩٤٥] لە مەهاباد کۆچی دوایی کردوە.

- خاڵەمین، حاجی سەید حەمەدەمینی بەرزەنجی، خەڵکی سندووس بووە بەڵام باوکی، واتە "حاجی شێخ مستەفای کۆکەیی" خەڵکی کۆکەی بۆکان بووە. لە ١٢٨٤ [١٩٠٥] لە دایک بووە و لە ٢٣ ی خاکەلێوەی ١٣٧١ [١٩٩٢] کۆچی دوایی کردووە.

- عەباسی حەقیقی، ع. هونەر، لە ١٩٠٢ لە گوندی "مەرجان" ی ناوچەی مەهاباد هاتۆتە دنیا و لە ١٩٤٢ ەوە هەتا کۆچی دوایی کردنی [١٩٩٨] لە بۆکان ژیاوە.

کاک عەلی کەریمی کە بە بڵاوکردنەوەی ژمارەکانی نیشتمان کارێکی بەنرخی کردوە، لە لاپەرە ٣٦ ی کتێبەکەدا سوودی لە وتارێکی ماڵپەڕی گزینگ وەرگرتووە و "محەمەد سەعید حافیدی" بە خەڵکی کرماشان ناوبردوە کە هەڵەیە و حافیدی کوڕی مەلاعەبدولرحیمی قزڵجی و خەڵکی بۆکان بووە. لە هەمان لاپەڕەدا باسی ق. ق. چۆبینە کراوە کە نووسەر گوتوویەتی نازانێت کێ یە. بە بۆچوونی من ئەو کەسە دەبێت قاسم ئاغای ئێلخانی زادە بێت. مامۆستا هەژار لە شیعری "بەرەو کوردستان" دا کاتێ دەگاتە بۆکان دەڵێ :

*"شێرە چۆبینە بڕشتی ماوە یان کەل و کوڵ بوە، کۆڵی داوە؟"*

کاک عەلی وێنەی حاجی رەحمان ئاغا، حاجی سمایل ئاغا، خاڵەمین، مەلا مارف، و حەقیقی لەو بەشەدا هێناوە و لە کۆتایی کتێبەکەشدا وێنەی تاکە کەسیی خاڵەمین و حاجی رەحمان ئاغای هاوڕێ لەگەڵ دوو وێنەی گشتی چاپ کردووە. یەک لەو دوو وێنەیە سمایل خانی فەڕروخی و قاسم ئاغای ئێلخانی زادە ی تێدایە (لاپەرە ٣٥٦)، ئەویتریان لە سەفەری حەجی حاجی رەحمان ئاغا و حاجی سمایل ئاغا دا لە سلێمانی گیراوە و وێنەی هەردووکیانی لەگەڵ وێنەی حاجی سەید حوسەینی قورەیشی تێدایە کە دیارە ئەویش لەگەڵیاندا هاوسەفەری حەج بووە.

"نیشتمان – بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ک."، ئامادەکردنی عەلی کەریمی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨، ٣٦٠ لاپەڕە، کوردی.